کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-9-2007 21:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تۆ بڵێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وازی لە شاری سلێمانی هێنابێت و خۆی بەخاوەنی نەزانێت باشە کەس وازی لە ڕۆحی خۆی هێناوە؟ ... باوکی شازاد

دەهۆڵ دراو تەقەی برا.... .. واتە پێمان دەڵێن کاکە کارمان بەکەس نەماو هەرکەس بڕوات پەرتەی لی بکەن شاییەکەمان کۆتایی پێ هات، ئەوەی من بیزانم و ئێوەش دەیزانن ئەوەیە خەڵکی شاری سلێمانی ڕێژەیەکی زۆری ئەندام و پێشمەرگەو لایەنگر و هەواداری یەکێتین وە سەرکردایەتی یەکێتیش ئەوەی خەڵکی سلێمانیش نەبێت سلێمانی خۆش دەوێت لەسەرەوەی هەموویان هەڤاڵ مام جەلال و کاک کۆسرەت بە بۆجونی من هەرگیز ئەوانە درێغی ناکەن لە خزمەتی ئەو شارە خۆشەویستە هەرچەندە من خەڵکی سلێمانی نیم و خەڵکی شاری هەولێری قەڵاو منارەم بەڵام هەردەم حەز دەکەم سلێمانی هەر لە پێش کەوتن دابێت بمانەوێت یان نا سلێمانی لە دێر زەمانەوە مەڵبەندی ڕۆشن بیری کورد بووەو پایتەختی حکومەتەکەی مەلیک مەحمود بووە لەو هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کورد هاتوە سلێمانی بەشی شێری بەر کەوتوە وەنەبێت من لە فیداکاری شارەکانی تر کەم بکەمەوە بەڵام ووشەی هەق دەبێ بوترێت، ئەوەی جێی سەرنجی خەڵکە ئەوەیە زۆر بەڕاشکاوەیی پاش پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پارتی ویەکێتی شاری سلەیمانی ئیهمال کرا لە هەموو بوارێکەوە بەتایبەتی پاش یەکبونەوەی هەردوو ئیدارەکە ئەو شارە هەر وەکوو ئاشی ئاولێبڕاوە لێهاتوە تۆ بڵێی کێ بەرپرسیاربێت لەو کەموو کورتیانەی شار باشە خۆ هەڤاڵ مام جەلال چەندین جار لە چاوپێکەوتنەکاندا دەڵێ میوانەکانی شاری سلەیمانی دەڵێن ئەوشارە لە ئەوروپا دەچێت وە زۆر بە پێشکەوتوو باسی دەکەن هەروەها هەتا ئێستا بارەگای مەکتەبی سیاسی لێیەو ماوە ماوەش مامەی سەرۆک کۆماریش بۆ حەسانەوەو کۆبونەوە تایبەتیەکان دێتەوە بۆ شاری سلێمانی دەبینین لە بواری بازرگانیش زۆر پێشوەچوونی بە خۆی دیوە وابزانم ئەگەر مەسەلەی بینا سازی لێ دەربکەیت لە هەموو بوارەکانی تر من سستی نابینم بەڵام خۆی شتێکی سروشتیە کە هەر شوێنێک سەرۆکایەتی حکومەتی لێ نەما ئەو گوڕوو تینەی جارانی نامینێت، باشە ئەدی ئەوە داوای خۆمان نەبوو کە پارتی و یەکێتی پێک بێنەوەو حکومەتی ئەکگرتوو پێک بێنن؟ ئەوە نەمردین ئەویشمان دیت بەڵام ئەوە ماوەیەکە لەوێ و لەوێ گوێمان لە هەندێ چرپە چرپ دەبێت گوایە یەکێتی خۆی سلەیمانی بەرەڵا کردوە وەکوو بێستانی دێمی کە لەسەر دەچێت خاوەن بێستان کەل و پەلەکانی دەباتەوە ماڵ و دوایش کەپرەکە بەسەر یەکدا دەڕوخێنێت دیارە ئەگەر قسەکە وابێت ئەوانیش دەیانەوێی سلەیمانی وا لێبکەن، باشە بۆ ئەی خەڵکی شار بۆخۆیان کاربەدەست نین؟ بۆچی لێدەگەڕێن کارەکان بەو ئاراستەیە دا بڕوات ببێتە هۆی دواکەوتنی ئەو شارە، باشە ئەی یەکێتی بیر لەوە ناکاتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکوو کەلە خەنجەرەکانی ناو کەندوەکان پێویستی بە خەلکی شاری سلەیمانی ببێتەوە باشە ئەگەر ڕاست بێت بەم شێوەیە یەکێتی پشتی لەم شارە کردبێت دەبێ چاوەڕوانی چی بکات لە خەلک بۆی بکەن خۆ هەموو خەڵک پێشمەرگەو ئەندامی یەکێتی نیە خەڵک کاتێک لایەنێکی پێ پەسەندە کە چەندە زیاتر خزمەتی هاووڵاتیان بکات و لەکاتی تەنگانەدا بە هانایانە وە بچن هەرچەندە من دڵنیام لەوەی کە یەکێتی سلێمانی بە قەڵای پۆڵاینی خۆی دادەنێت زۆر کارێکی سەختە وابە ئاسانی دەست بەرداری بێت، بەڵام کوا ئەوروپاکەی هەڤاڵ مام جەلال شاری سلەیمانی لەبەر بێنازی وکەمی خزمەتگوزاری هەر لە پێش هەموو شارەکانی عێراق نەخۆشی پەتای کۆلێرەی پێ گەیشت باشە بۆ ئاوا ئەو شارە وای لێهات لە کاتێک پێش 3 ساڵێک لەمەو بەر زۆر لە هەولێرو دهۆک پێشکەوتوو تر بوو بەڵام ئێستا وەکوو میزی حوشتر بۆ پشتەوە گەڕاوەتەوە، دەبینین لە شارەکانی تر وەکوو خێرات تانکەری ئاویان بۆ ڕەوانەدەکەن باشە دیارە دەیانەوێت بۆ ماسەلەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاوەکەش هەزار شێرو ڕێویمان بۆ بدۆزنەوە وەکوو کارەبایەکەی لێ بکەن. تۆ بڵێی ئەو کوتلەو کوتلەکاریەی ناو یەکێتی ڕۆڵی دیتبێت بۆ ئەو دیاردە خراپەی کە لە سلێمانی سەری هەڵداوە یاخوا وانەبێت، بەڕاستی ئەگەر ململانێی سیاسی بگات بەم ئاستە شتێکی زۆر ترسناکە دەبێ یەکێتی زۆر قوڵتر بیر بکاتەوە بە پەلە پیاداچونەوەیەک بە هەڵس و کەوتەکانی خۆی دا بێنتەوەو بزانیت بۆچی کار گەیشوە بەودەر ئەنجامە، من نازانم تۆ بڵێی خوانەکات سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە غەرەزێکی تایبەتی فرسەتێکی بۆ ڕەخسابێت سلەیمانی وا لێ کردبێت بیەوێت تۆڵەی ڕابوردووی لێ بکاتەوە بەرامبەر بەوەی کە خەڵکی سلێمانی سەربە یەکێتی بوونە هیوادارم ئەو بۆچوونەشم وانەبێت، خۆ هەموو شتێک لەو زەمانە دەکرێت مادام دزی لە ماڵە شەهید بکرێت و خەڵکانێکیی نامەسئول بێنن بیکەن بە میراتگری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە چاوچوقانێک لێمان ببن بە کاربەدەست ودەمڕاستی کودوە ببن بە ملیۆنێر لە سەر حیسابی خەڵکی ڕەش و ڕوتی گەلەکەمان خانوو دەکڕن بە 200 دەفتەر واتە 2000000ملیۆن دۆلار وە زۆر بێ منەتیشن لە هەموو کەس لەبەر ئەوەی پشتیان قایمەو لە کەس ناترسن، جا ئەگەر شاری سلێمانیش بەم دەردە ببەن کارێکی نامۆ نیە ڕۆژانە دەبینین خەڵکی کوردستان ئیهانە دەکرێت و دزی لێ دەکرێت و کەرامەتی پێشێل دەکرێت دوژمنانی گەلی کورد ڕۆژانە بۆردومانی جوتیارەکانی بێدەسەڵاتی سەر سنورەکان دەکەن و گوندوو ڕەزوو باخەکانیان لێ دەسوتێنن بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبیت وکەسیش بتونێت بەرگریان لێ بکات بەبیانووی ئەوەی کە هێزی پەکەکەو پەژاک لەو ناوچانە هەن باشە ئەو خەڵکە چی بکات چەک بەدەست بچێتە هەر شوێنێک نانی خۆی پەیدا دەکات جا بەخۆشی بێت یان ناخۆشی کەس دەتوانێت لەو ناوچانە پێیان بڵێت دەبێ لێرە بڕۆن؟ نەخێر کەس پێیان ناوێریت قسەی وا بکات ناچار خەڵکەکە دەست بە کڵاوی خۆی دەگرێت با نەیبات، بەهەرحاڵ با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان هیوادارم حکومەتی هەریم و بەتایبەتی یەکێتی لێ نەگەڕێن شاری سلەیمانی شاری هەڵمەتوو قوربانی بەم دەردە بچێت لەبەر ئەوەی داڕمانی سلەیمانی بەهەر شێوەیەک بێت واتە داڕمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جائەگەر یەکێتی لە ڕۆحی خۆی بێزارە ئەوە شتێکی ترە ئەگەر نا دەبێ بەخێرایی قۆڵی خۆی لی هەڵبکات خزمەتێکی پێشچاوی شاری سلێمان بکات لەم میحنەتەت ڕزگاری بکات بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی هەست بکەن کە بەڕاستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سلەیمانی لەبیر نەکردوە هەردەم بە لانەیەکی گەرم و بنەگەی خۆی دایدەنێت. بژی کورد بژی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.